# زاگرۆسی کوردستان، بێشکەی زمان و کولتووری جیهان

پ. ی. د. نەسرەدین ئیبراهیم گولی
(زانکۆی زاخۆ- کۆلێژی پەروەردە)

ساڵانێکی زۆرە کە مرۆڤی هاوچەرخ تینووی زانینی ئەوەیە کە ئایا ئەو هەموو مرۆڤ و زمانە لە کەیەوە سەریان هەڵداوە و پەیدابوونە. پرسیارێک کە پەیتا پەیتا زانایانی ڕۆژئاوا و ئەورووپا بەدوایدا گەڕاون و لە سایەی زانستی هاوچەرخ و سەردەم، کە بناغەی بۆ قۆناغی رینێسانسی ئەورووپا دەگەڕێتەوە، ئێستا سەرەداوەکانیان دەدۆزنەوە.

لە ماوەی ڕابوردوودا توێژینەوەکانی پسپۆڕێکی ئارکیۆلۆژی و شوێنەوارناسی لە زانکۆی کەمبریجی بریتانیا بەناوی دوکتۆر ئێما پۆمێری (Emma Pomery) و دۆزینەوەی ئێسکوپرووسکی ئافرەتێک لە ئەشکەوتی شانەدەری دەڤەری بارزان کە مێژووی بۆ (٧٥) هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، لە میدیاکانی جیهاندا دەنگی دایەوە.

ئەم دەستکەوتە، ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە کورد خاوەن ڕابوردوویەکی کۆنن، واتە تاکی کورد ئەمرۆکە بەرهەمی گۆڕانی ئەو مرۆڤە کۆنەن، کە ئەو پسپۆرە دۆزیویەتییەوە. ئەم وتارە پێداچوونەوەیە بە خود و ئامادەبوونی کورد بۆ ئایندە و هەر ئەگەرێک، لە قۆناغێکی هەستیاردا کە ناوچەکە بە هەلومەرجێکی ناسکی سیاسی و کولتووری و فەرهەنگی و ئابووریدا تێپەڕدەکات.

***

توێژینەوە زانستییەکان دەری دەخەن لە ماوەی ئەو ١٤ ملیار ساڵەی کە ئەم گەردوونە لە

دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەری وەک بینگ بەنگ دروستبووە و زیاتر لە ٨ ملیار ساڵ دواتر یەکەم قۆناغی بوونەوەری زیندوو لە خانەیەکی بچووکی میکرۆسکۆپی و بەکتیری هاتووەتە ئاراوە، پێش (٧٠٠) ملیۆن ساڵ نموونەی فیزیکی ژیان تا ئێستا نەگۆڕاوە و تا ئێستا بەردەوامە و دواتر و بە پێی توێژینەوەکانی زانایانی وەک چارلز داروین و دواتر ڕایمۆند دارت، مرۆڤناسی ئەفریقای باشوور و بەردینە و فۆسیلناسەکانی وەک لویس و ماری لیکی (١٩٥٥) و ... تاد.

مرۆڤی مۆدێرن (homo sapiens sapien)، بەرهەمی گەشەی ئەو مرۆڤەیە، هاوشێوەی لاوازترین گیانەوەر و بوونەوەرێکی بەناوی مەیموون و شەمپانزێ بووە و ژیانی لەسەر دار و درەخت، یان لە بیابانەکان بەسەر دەبرد و پەیتا پەیتا ئەو گیانەوەرە لە ماوەی پێش (٧) ملیۆن ساڵ لەو گرووپە جیا ببێتەوە، ئەوجا لە ماوەی (٥) ملیۆن ساڵ توانی بە قۆناغەکانی (Australopithecus) و دواتر مرۆڤی شارەزا (homo habilis)، دواتر مرۆڤی بەژنڕاست (homo erectus)، دەرباز ببێت و بەشێکی ببێت بە نیاندرتاڵ و بەشەکەی دیکەشی مرۆڤی ژیر، یان مۆدێرن ، واتە هۆمۆ ساپییێن ساپییێنی، دواتر لەناوچوون و پاشان بەر لە (١٠٠) هەزار ساڵ مرۆڤی ئێستاکەیی پەیدابووە، وەک پرۆفیسۆر د. حیسام نۆزەری، زانای بایۆلۆژی لە زانکۆکانی فەرەنسا بەردەوام وەک بەرهەمی پەیماننامەی نێوان سروشت و مرۆڤی کۆن، لە وتارەکانی خۆیدا ئاماژەی پێ دەدات و بە سەرچاوەی گەشەی کولتوور و شارستانیەتی هەموو قۆناغەکانی ڕابوردوو هەژماری دەکات.

ئەو ڕاستییە زانستییە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە مرۆڤ دەبێ لە ڕەسەنایەتی خۆی وەک گیانەوەرێک تێ بگات و دەست لە بیرۆکەی ڕزیوی خۆ بە پیرۆز زانین هەڵگرێ و دان بەوەدا بنێت کە ئەویش هاوشێوەی میروستانێک و چۆلەکەیەک و پشیلەیە، تەنانەت دەنکە برنجێک، بەڵگەش بۆ ئەم ئاخاوتنە بوونی سەدان پێکهاتەی ماددی و کیمیاوی و فیزیکی هاوشێوەیە لە جەستەی هەمووماندا، تەنانەت لە برنجدا سێرتۆنین کە پێکهاتەیەکە کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتمان دەکات، ئەویش هەیە. بەواتایەکی دیکە داروین ناڵێت ئێمە لە مەیموون و شەمپانزی دروست بووینە، بەڵکوو واتای قسەی داروین ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ ماوەی ملیۆنان ساڵ لەگەڵ گیانەوەرانی دیکە و لە هەموویان نزیکتر مەیموونەکان و شیردەرەکانی هاوشێوە و ژیانێکی فیزیۆلۆژی هاوبەشیان هەیە و سەرچاوەیەک و سەرەتا و چارەنووسێکی هاوبەشیان هەبووە، ئەو بانگەشەیەی هەندێ لایەن بۆ ناوزڕاندنی ئەم زانا بلیمەتە دەکرێت، لە ڕاستییەوە دوورە و تەنیا بۆ شکاندنی ئەو کەڵەپیاوەیە، کە دۆزینەوەکانی وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورە بوون لە زانستدا.

لە ماوەی ئەو چەند ملیۆن ساڵە گەشەی جەستەی مرۆڤ بە جۆرێک بوو، کە لە سەرەتاوە لە شێوەی گیانەوەرێکی چەماوە گۆڕانی بەسەردا بێت و ببێتە خاوەن قەد و باڵایەکی وەک ئێستا و تێکڕای جەستەی گۆڕانی بەرچاو بەخۆوە ببینێت، بە تایبەت مێشکی، وەک پرۆفیسۆر دوکتۆر تەقی ک. ئەسەدی، پسپۆری مێشک و دەمارەکان لە زانکۆکانی ئەمریکا، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی زیندەوەرزانیی مێشک و ڕەوشت، ئاماژەی پێ دەدات، بەتایبەت بەشی پێشەوە و نێوچاوانی گەشەیەکی بەرچاوتر دەکات بە بەراورد لەگەڵ گیانەوەرانی خێزانەکەی وەک شەمپانزێ و گۆریلاکان، ئەم گۆڕانکارییە بۆ مانەوە و بەردەوامیدان بە ژیان، لە بەرانبەر چەندان گیانەوەری بەهێزتر و دڕندەتر،

پێویست بوو زیاتر گەشە بکات تا بتوانێت بە بەکارهێنان و دروستکردنی کەرەستەی بەردی تیژ و کەلوپەلی دیکە بەرگری لە خۆی بکات و خواردن بەدەست پەیدا بکات، لەو ماوە دوورودرێژەدا مرۆڤ لە بێشکەی سەرهەڵدانی خۆی، واتە ئەفریقا، بۆ شوێنەکانی تری جیهان وەک ئاسیا و ئەورۆپا و ئەمریکا بڵاو بووەوە.

یەکەم قۆناغی ئەم گەشتە بە هاتنی گرووپێکی نێوان سەد تا دوو هەزار لەو مرۆڤە لە ئەفریقاوە بۆ ناوچەی عەرەبستانی سعوودی و دواتر چیاکانی زاگرۆس و کوردستان بوو، گەشتەکە لە ناوچەیەکی جوان و بەپیتی جیهان وەستا و گۆڕا بە گەڕان لە ناوچە جیاجیاکانی ئەو خاکە، کە بۆ ماوەی نزیکەی (٣٠) هەزار ساڵ بەردەوام بوو، تا کاتی کۆچکردنی ئەو مرۆڤە بۆ ئەورووپا و ئاسیای دوور و گواستنەوەی ئەو کولتوورە بۆ شوێنەکانی تری جیهان، تەنیا فاکتەری زیندوومانەوەی ئەو هەژمارە کەمە لە مرۆڤەکان لەسەردەمی سەهۆڵبەندان یەکگرتوویی و هاودڵی و هاوسۆزییان بووە، واتە کوردستان وێستگە و بێشکەی یەکەمی دروستبوونی کولتوور و فەرهەنگ و زمانە لەم جیهانەدا.

وەک دوکتۆر ئەسەدی لە کتێبەکەی سەرەوەیدا ئاماژەی پێ داوە، تەنیا (٥٥) هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بۆ یەکەم جار دەقێکی نووسراوی کۆنمان لەبەردەستدایە. ئەو کاتەی کە تێکڕای ئەورووپا لە چەرخی سەهۆڵبەنداندا بوو و لە ژێر سەدان مەتر لە سەهۆڵدا بوو، لە کوردستان بناغەی زمان و کولتوور و بەها و دابونەریت و یاساکانی ژیان و خۆبەڕێوەبردن و کشتوکاڵ و بەخێوکردن و ماڵیکردنی گیانەوەرە کێوییەکان لەئارادابوو. ئەمڕۆ لە سایەی توێژینەوەکانی کەسانی وەک پرۆفیسۆر پۆمێری، جیهان لەو ڕاستییە تێگەیشتووە و کوردستان بووەتە جێگەی شانازی و گەورەترین وەرچەرخان لە پێشکەوتنی گەشەی مرۆڤ لە ڕووی زمان و توانایی بەکارهێنانی ئەم زمانە بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ یەکتری و گۆاستنەوە و وەرگێڕانی بۆ پیت و وشە و وێنە و تۆمارکردنیان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، یان پێست و کەوڵی چەرمی گیانەوەران و قوڕ و گڵی دەستکرد و بەردەکان بوو بە هاوکاری پەنجەکانی دەستی خۆی وەک بەشێک لەو گۆڕانکارییە فیزیۆلۆژیک و بایولۆژییە سروشتییەی کە لە میانەی توێژینەوەکانی چارلز داروین و تیۆرییە بەناوبانگەکەی بەناوی گۆڕانکارییە تەواوکەرەکان، واتە (Evolution) لە مرۆڤدا روویان دابوو و دۆزرابوونەوە، توانایی خوێندنەوە و تێگەیشتن و لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو وێنە و نووسینانەیش، بەشێک بوو لەو وەرچەرخانە مێژوویی و سروشتییەی لە مرۆڤدا بەدی کرا و دواتر گشتگیر بوو.

وەک توێژینەوە زانستییەکانی زانایانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەری دەخەن مێشکی مرۆڤ، وەک ئەلتەرناتیڤی لاوازییەکانی ئەو بوونەوەرە کە لەو ماوە دوورودرێژەدا، دوو هێندە مەزنتر بوو و توانی قەرەبووی بێتوانایی و لاوازیی بکات، بەتایبەت لە داهێنانی بیرکردنەوە و بەگەڕخستنەوەی ئەو مێشکەی لای گیانەوەرانی دیکەی جیهان وەک خۆی مایەوە و هیچ گەشەی نەکرد.

لێرەدا نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئەو گەشەیەی مێشکی مرۆڤ تەنیا لە هەندێک رووەوە ڕووی داوە، بەڵام لە هەندێک بواری دیکەدا زۆر گیانەوەری دیکە، بۆ نموونە دۆلفین و شەمپانزی لە ڕووی گەشەی مێشکیانەوە زۆر لە مرۆڤ لە پێشترن.

بینیمان مرۆڤی نیاندرتاڵ بەر لە دەیان هەزار ساڵ بە هۆکاری ژینگەیی و لاوازی لە

خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگە لەنێوچووە و تەنیا مرۆڤی سەردەم مایەوە، کە مرۆڤی کوردیش بەشێکە لەو مرۆڤە، ئەمەش مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەگەرچی پێشبینییەکان وادەردەخەن کە مرۆڤی مۆدێرن دوو ڕێگەی لەبەردەمدا هەیە: یان دەبێت بە ژیری و وریاییەوە مامەڵە بکات و بگاتە ئاستی خواوەندیەتی و هەمیشەیی، یان بە گەمژەیی خۆی ببێتە قوربانی کارەساتە ژینگەییەکان کە خۆی سەرچاوەکەیەتی.

لەو نێوانەدا، مرۆڤی کورد هێشتا لە دۆخێکی تەمومژاویدایە. (٣) هەزار ساڵ بەسەر شارستانیەتە یەکەمینە شکۆدارەکەیدا، کە میدی بوو، تێپەڕیوە و ئەو سەردەمە زێڕینە بەسەرچوو، کە کورد پانتاییەکی بەرچاوی خاکی بەدەستەوە بوو و چەندان میللەت و نەتەوە لە بن چەتری دەسەڵاتەکەیدا دەژیان. ئێستا خودی کورد لەژێر چەتری بێ بەزەیی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیدا، ناخۆشترین و تاڵترین ڕۆژەکانی بەسەردەبات و تەنیا لەو بەشەی کە باشووری کوردستانە بە بەشێک لە مافەکانی شاد بووە، کە ئەویش بۆ خەباتی بێوچان و قوربانیدانی ئەو میللەتە زیندووە دەگەڕێتەوە، ئەگینا لە هەندێک لە بەشەکانی تر لە بچووکترین مافە سەرەتاییەکانی وەک مافە کولتووری و فەرهەنگی و خوێندن بە زمانە جوان و بێوێنە و دەوڵەمەندەکەی بێبەش کراوە.

ئەمڕۆ لە هەزارەی سێیەمی زایینیداین. هەموو ئەوە وا دەخوازێت کە کورد گوشاری زیاتر لە مێشکی خۆی بکات و زیاتر بە گەڕی بخات، تا زیاتر بجووڵێنرێت و دوای ئەو هەموو ئەزموونە بە دوای ڕێگەیەکی دیکەدا بگەڕێت و بیر لە چارەسەرێکی تر بکاتەوە، لەگەڵ ئەو دۆخەدا، بگونجێت کە ئێستە هەیەتی و پێیدا تێپەڕ دەبێت، چونکە ئەگەر وا نەکات و نەتوانێت دەرەقەتی ئەم بارودۆخە بێت، دەبێت بزانێت کە داهاتووی لەوپەڕی مەترسیدایە. مێژوو پێمان دەڵێت کە چەندان نەتەوەی بەهێز لە ململانێی ژیان و مێژوودا لەناوچوون و ئێستا تەنیا ناوێکیان لێ بەجێ ماوە، بۆیە دەبێت بەئاگا بێین و بزانین دۆزینەوەکەی دوکتۆر ئیما پۆمێری دەستکەوتێکی مەزنە کە بەناوی کوردستان تۆمارکراوە و ئێمەی بردە قۆناغێکی تر، قۆناغێک کە ئاشنایەتی لەگەڵ ڕابوردووی دوورمان، ڕێگەخۆشکەری بەهێزکردنەوەی زمان و کولتوور و فەرهەنگمان بێت، ئەو زمان و فەرهەنگەی کە ئەگەر ئابلۆقەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکانی تری لەسەر نەبێت، دەتوانێت بگاتە ئاستی زۆر باڵا و کاریگەریی زۆر گەورە لەسەر زمان و کولتوور و ژینگەی فیزیکی و مرۆڤی دەوروبەری خۆی بکات.

***

بەم شێوەیە و بە پێداچوونەوە بە خۆمان و خەباتمان و دەستکەتەکانمان، لە ئێستای کاروانی کاری پەرەپێدان بە فەرهەنگماندا، ئەگەر تەواوکەرەکەی جووڵەی سیاسی و دیموکراسیمان بێت، بۆمان دەردەکەوێت کە شارستانیەتی کورد، ڕۆژێک و دوان، یان ساڵێک و دووانی پێنەچووە، بەڵکوو بە دەیان هەزار ساڵ تێپەڕیووە تا گەیشتووەتە قۆناغی ئێستای خۆی. باب و باپیرانی نیاندرتاڵ و هۆمۆ ساپیێن- ساپیێنی ئێمە بە دەیان هەزار ساڵ لەم کوردستانە ژیاون و گەڕاون و سووڕاون و بەم ڕێگەیە کولتوور و زمانی خۆیان بنیادناوە، کە ئێستا گەیشتووەتە دەست ئێمە و دەبێت بە دڵ و گیان بیانپارێزین.

دەبێت کاری مەزن بکەین و کۆڵ نەدەین، لە بنەڕەتەوە سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان بگۆڕێت، پێویستە لە خوێندنگەکانمان منداڵان فێری بیرکردنەوە ببن و فێر بن پرسیار

بکەن، نەک مامۆستاکان پرسیاریان لێ بکەن. دەبێت هاوشێوەی قوتابییانی وڵاتانی وەک فینلاند و ژاپۆن فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (critical thinking) بکرێن، کە هەوێنی بیرکرنەوە و لێکدانەوەی لۆژیکی و زانستییانەیە. پێویستە قوتابییانمان فێری زمانی دایک و کولتوور و فەرهەنگی ڕەسەنی خۆیان بکرێن و ئەو زمان و کولتوورە ببێتە زمانی بناغە، تەنانەت بۆ فێربوونی زمان و کولتوور و فەرهەنگەکانی دیکە، ببێتە ئەڵقەی پێوەندی نێوانیان. دەبێت ئەوان ڕابوردووی جۆگرافیای خۆیان و نیشتمانەکەیان بە باشی فێر ببن و بناسن و تێیدا بگەڕێن و بسووڕێن و گەشت بکەن و ببینن، چونکە تاکی کورد لەم جۆگرافیا تایبەتەی نیشتمانەکەیدا لە ماوەی هەزاران ساڵ کولتوور و زمانە دەوڵەمەندەکەی خۆی بنیادناوە و گەشەی پێ داوە.

ئەو نیشتمانە، هەڵکەوتە جوگرافییە بە سروشت دەوڵەمەندەی کە ملیۆنان کوردی لە ماوەی ئەو هەموو هەزار ساڵە لەخۆ گرتووە و لە لەناوچوون پاراستوویەتی و بژێوی دابین کردوون، چونکە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و بە هەزاران سەرچاوەی بژێوی تێدایە، خاوەن جیۆپۆلیتێکی هەستیار و گرنگە، بۆیەش وڵاتان، تەنانەت زلهێزەکانیش هەستی پێ دەکەن و بە ئاسانی و هەروا دەستبەرداری نابن، دەبێت هەستکردن و زانینی ئەم بایەخە لای تاکی کورد ببێتە کردار و لە پرۆگرامی خوێندندا جێگیر بکرێت، بەتایبەت ببێتە وانەی پراکتیکی لە سەنتەرەکانی خوێندن بۆ ئەو لاوەی کوردستان، بۆ بازاڕی کار و خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی هاوچەرخ و جیهانی سەرسوڕهێنەر و خێرای ئێستا ئامادە بکرێت.

دەبێت منداڵەکانمان لە قوتابخانە فێری یەکڕیزی و هەموو جۆرەکانی هاوسۆزی، بەتایبەت هاوسۆزی مێژوویی و پێکەوەژیان بکەین، چونکە ئەمانەن کە شان بە شانی فاکتەرەکانی تری سروشتی، ئاسوودەیی و ئارامی و ئۆقرەییمان بۆ دێنن و لە مەترسی و هەڕەشەکان دەمانپارێزن. دەبێت منداڵانمان ئەو ڕاستییە بزانن کە جۆگرافیای نیشتمانەکەمان سەرچاوەی هێزە، هێز ئەو فاکتەرە گرنگەیە کە ئارامی و سەقامگیری و ئاسوودەیی بەدی دەهێنێت، لێرەدا مەبەست لە هێز خۆبژێوی و مرۆڤدۆستی و نیشتماندۆستییە، لەهەمان کاتدا دوورکەوتنەوە لە دەمارگیری و پەرگیری و دیکتاتۆریەت و خۆپەرستییە، ئەو خۆپەرستییەی کە بەداخەوە لای بەشێک لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە زۆر بەدی دەکرێت و بناغەیەکی کولتووری، تەنانەت پەروەردەیی هەیە، وەک دوکتۆر ئەسەدی و دوکتۆر نۆزەری بۆی دەچن، لە ڕێگەی مێشکەوە وەردەگیرێت و دەبێتە بەشێک لە سایکۆلۆژیای خۆبەزلزانین و زیان بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئاشتی و ئازادیی خەڵک و نەتەوەکانی تر دەگەیەنێت. وەک دەزانین کەس ئەوەندەی کورد لەم سۆنگەیەوە زیانی پێ نەگەیشتووە.

بێگومان هەر کاتێک قوتابییان و لاوانمان خودی خۆیان بدۆزنەوە و مێژوو و جۆگرافیا و زمانی خۆیان بە باشی بناسن و لەگەڵیشیدا لە زانستی پێشکەوتووی سەردەم تێبگەن، لێرەدایە کە بۆیان دەردەکەوێت خودی ژیان دەستکەوتێکی مەزنە و دەبێت ئەو ژیانە جوانە بخرێتە خزمەت خۆی و خەڵک و خاکەکەی و تێکڕای جیهانییان، ئەوە ئەو کاتەیە کە ئەوان تێدەگەن کە زانست چۆن و بە چ شێوەیەک لە گەشەسەندندایە و دەبێت چی بکرێت تا ئەم زانستە لە خزمەتی گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتیدا بەکار بهێنرێت، بۆیە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنرێت کە داهاتوو

و ئاوەدانـی و ئـازادی و بەختـەوەری وڵات لـە دەسـت قوتابیـان و لاوانـی ئێمەدایـە. هـەر کاتێـک کـە ئـەوان زانییـان بـاب و باپیرانمـان لـە دەیـان هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر چـۆن بیریـان کردووەتـەوە و ئـەو بیرکردنەوەیـەی خۆیانیـان بەشـێوازی زمـان و شـیعر و ئەفسـانە و چیـرۆک و بەسـەرهات و تێکسـت پاراسـتووە و هۆنیوەتـەوە، ئەمـڕۆ گەیشـتووەتە دەسـتی ئێمـە، دەبێـت ئێمـە ڕێـز لـە ڕابـوردووی پڕشـنگداری خۆمـان بگریـن و ڕێگـە نەدەیـن ئـەو هەمـوو ڕەنـج و ماندووبوونـەی ئـەوان هـەروا بەفیـڕۆ بـڕوات و بیکەینـە قوربانیـی کاڵفامـی هەندێـک کـەس و لایـەن و ناحـەز.

ئەمـە بێجگـە لـەوەی کـە مرۆڤـی کـوردی هاوچەرخ، هـەر لەسـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی میدییەکانـەوە، چ ئەوانـەی پێـش ئـەوان وەک وڵات لـە ناوچـە جیاوازەکانـی کوردسـتان شارسـتانیەتیان هەبـووە و جێگـەی ڕێـز و شـانازی هـەر تاکێکـی کـوردن، هـەرواش لەمـاوەی لانیکـەم لـەم (١٥٠) تـا (٢٠٠) سـاڵەی دواییـەدا چەنـدان شـۆڕش و ڕاپەڕینـی سیاسـی و کولتـووری و فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتـی لـە ناوچـە جیاوازەکانـی کوردسـتان روویـان داوە، هەروەهـا خوێندنـەوەی گۆڕانـی هاوکێشـەکانی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـووری ناوچـە و وڵاتـان و لایەنەکانـی پێوەندیـدار لـە ناوچەکـە و جیهـان، هەمـووی ئەوەمـان پـێ دەڵێـن کـە ئێمـەی کورد زیاتـر لـە هـەر کاتێـک پێویستمان بـە یەکتـری هەیـە تـا دەسـت لـە نێـو دەسـت و بـە پشتبەسـتن بـە بـازووی خۆمـان و لەسایەی دەستکەوتە سیاسـی و نەتەوەیـی و کولتـووری خۆمـان و قۆسـتنەوەی پێشـکەوتنەکانی زانسـت، بەتایبـەت تەکنۆلۆژیـای سـەردەمیانە و هاوچـەرخ، کەسـێتییەکی جیـا هەڵکەوتـووی خـاوەن سـایکۆلۆژیایەکی پـڕ لـە ئۆمێـد بـە داهاتوویەکـی گەشـاوەتر بنیـاد بنێیـن و هەنـگاو بـە هەنـگاو لەگـەڵ کاروانـی زانسـتی سـەردەم خۆمـان لـە پەتـای خورافـات و بـوارە دوور لـە لۆژیـک و شـتە میتافیزیکییـەکان، کـە وزەیەکـی زۆری مێشـکی هەموومانـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە و بەهـەدەر داوە، ڕزگار بکەیـن و بـڕوا بـە زانسـت بکەیـن و لـەم کاروانـە دوا نەکەویـن و نەبینـە پێخـۆری نەیارانـی خۆمـان.

تاکـی کـورد، خـاوەن مێژوویەکـی پـڕ سـەروەری دووروودرێـژە، پێویسـتە بتوانێـت و لەیـادی بێـت و فێـر ببێـت کـە زیاتـر لـە هـەر کاتێکـی تـر شـانازی بـە کولتـوور و زمـان و فەرهەنـگ و مێـژوو و کار و خەباتـی ڕابـوردوو و ئێسـتا و داهاتـوو و جوگرافیـای نەتـەوە و نیشـتمانەکەیەوە بـکات. دەبێـت لـە پرۆگرامەکانـی خوێندنـەوە، لـە گشـت قۆناغـەکان، هەوڵـی ئـەوە بدرێت کولتـووری بڕوابەخۆبـوون و شـانازی بەخۆوەکـردن و «ژیـان بـە شـکۆ و سـەرفرازانە» ببێـت بـە هەوێنـی پرۆگرامەکانـی خوێنـدن و بەرنامەکانـی دەزگەکانـی ڕاگەیانـدن و سۆشـیال میدیاکانمـان، تـا لەمـەودوا ببێتـە بەشـێک لـە پێکهاتـە و سـتراکتوری کەسـێتیی کـورد و کۆتایـی بـەو هەوڵـە نەزۆکانـە بهێنرێـت کـە سـەدان سـاڵی ڕابـوردوو لـە دژمـان پەیڕەوکـراوە. ئـەو کەسـێتییە پێویسـتی بـە ڕیفۆرمێکـی بنەڕەتـی و بەرنامەیەکـی تۆکمەیـە کـە هەمـوو لایـەک پابەنـدی بێـت و کاری هەمەلایەنـەی بـۆ بکرێـت و دروشـمی سـەرەکیمان ئـەوە بێـت کـە «زاگرۆسـی کوردسـتان بێشـکەی بنیادنانـەوەی کولتـوور و زمـان و فەرهەنـگ و زێـدی تێکـڕای کۆمەڵگەکانـی مرۆڤایەتـی بـووە».